# لێکترازانی بیر و پەرتەوازە بوونی بۆ دوو جیهانبینی

کاردۆ مستەفا

لەبەرە بەیانی مێژووەوە تا ئەمڕۆ، مرۆڤ لەگەڵ سروشت و دەوروبەری خۆی کەوتۆتە کێشە و ململانێ بۆئەوەی بە تەواوی بە سەریدا زاڵ ببێ و بەرهەمی خۆی لێهەڵبهێنجێ ئەگەر بە وردی سەیر بکەین دەبینن، ئەرکەکانی سەرەتایی زۆر سادە دێنە بەرچاو کە لە ئاست سادەیی بیرکردنەوەی خەڵکەکەدا بووە، تا دواتر وردە وردە هێزی هزری کەسەکان جێ بە هێزی ماسولکە چۆل دەکات و دواتریش ئەلیکترۆن دەبێتە ئەلتەرناتیڤ. کە لەم سەردەمەدا دەبینین مرۆڤ لە ڕێی تەکنەلۆژیاوە هێزی بەسەر زۆر نهێنی گەورە داشکاوە کە رەنگبێ ئەمە لە هێزی ماسولکەیی مەیسەر نەبێ، لە بەرامبەر هەموو ئەو پێشکەوتنانەش کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیویەتی ئەرکی تازەی ڕووبەڕووبۆتەوە، بە پێی گۆڕانکاری لە جۆرێتی ئیشەکان ئەرکەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، چونکە ئەگەر وانەبێ ژیان رادەوەستێ، لاباڵێکی ئەم ئەرکانەش کە مرۆڤی ئەم سەردەمە پێی هەڵدەستێ لەسەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێنو بە یاسایەك پاڵپشتی دەکرێن کە ژیان جوان ئەکەن و ئاسانکاری ئەدەنە بەر ئادەمیزاد بۆئەوەی لەو ڕێگایەوە ژیانی خۆش بوێ نەوەك بێیاسایی و بێنەزمی ببێتە ڕێچکەی ژیان و دواجار ئاسۆی روانینی بەسەردا قوفڵ بدرێ، چونکە مرۆڤی ئەم سەردەمە ناتوانێ بەپێی بەند و یاسا سەرەتاییەکانی کرانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵسوڕێ یان هەڵسوکەوت بکات،بەدیاریکراویش مەبەستم ئەوەیە بڵێم ، ئەگەر تا ئێرە مرۆڤ لەژێر هەژموونو کاریگەری نەریتو بیروباوەڕە چەقبەستووەکان ژیانی کردبێ ، ئەوا بۆ لەمەودوا پێویستی بە بازدان هەیە بەسەر تەواوی ئەو بیروباوەڕانەی کە خوڕافە ڕێنوێنی کردوون و لەنگەریان بە مرۆڤایەتی گرتووە لە زەڵکاوی جەهالەت . لێرەدا مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە هەنگاو بهاوێ و قاچەکانی لە دۆخێکی ئاوا دەربێنێ و هەڵیانبێنێ بەرەو ئایندەیەکی گەش کە خەون ڕێنومایی دەکات ،واتە خەون ببێتە ئەو ئاوێنە ئەفسوناوییەی کە هەڵەو کەموکوڕییەکان بە درەوشاوەیی لەسەر رووی خۆی نمایش بکات .تا مرۆڤ هەڵوەستە پێبکات لەو وێستگە گرنگەو بیخاتە سەر ڕێچکەی ئەخلاقێکی نوێ کە بەرگێکی سەردەمیانەی پێبپۆشێ و بیبوێرێ لە تەواوی کەموکوڕی ودەلاقەیەکی روانینیش بێ بەسەر ئایندەدا . ئینجا دەگەینە ئەوەی بڵێین هەلومەرجی ژیانی ئێستای بە شێوەیەکی بونیادی گۆڕانی بەسەرا هاتووەو ژیانی کۆمەڵگاش بە شێوەیەکی سیستماتیکی ڕێکخراوە ، کە بە ناوەڕۆکێکی یاسایی تۆکمە کراوە ، ئەو یاسایانەی کە لەگەڵ هەلومەرجی قۆناغی ژیانی ئەمڕۆ دا تەریب دێنەوە.

**مرۆڤ لە ڕێی تەکنەلۆژیاوە هێزی بەسەر زۆر نهێنی گەورە داشکاوە کە رەنگبێ ئەمە لە هێزی ماسولکەیی مەیسەر نەبێ**

لێرەدا کە مرۆڤ بە یاساوە دەبەستینەوە مەبەستمان ئەوەیە بڵێین ئەقڵ دەیەوێ کاری خۆی بکات، یاسا دابڕێژێ یان ڕەنگڕێژی یاسا بکات، یاساش کە بەرهەمی ئیرادەی گشتییە دەبێ گشتی بکرێ واتە دەبێ لە هەموانەوەبێ و بۆ هەموان بێ، هەرچەندە ئەوەی یاسا دادەڕێژێ تاکە کەسێکە یان بە هاوکاری چەند کەسێکی شارەزا یاسا دادەنرێ و بەگشتی دەکرێ یان پێداچوونەوە لەسەر یاسا کۆن و باوەکانی ناو کۆمەڵگاکە دەکرێ کە قڕێژی ئەخلاقێکی بەسەرچوویان لەسەر جەستەدا نیشتووە ، کەواتە ئەقڵ کاریگەری خۆی دەسەپێنێتە سەر پێکهێنانی ڕێساو نەزمێکی گونجاو بۆ کۆمەڵگا،لێرەوە پرۆسەکە لە دەستپێکردنی تاکی چالاکەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەشداری گشتی، کە ئەمەش ئامانجی هەر کۆمەڵگایەکە گەر بیەوێ خۆی نەجاتدا لە دۆخێکی جێگیردا، هەرچەندە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا زۆرجار یاسایەك سواو دەبێ و بەکەڵکی سەردەمێکی تر نایێت و نەسلی نوێ لێی ڕازای نابێ، بەڵام دەبینی هێزی کارکردنی هەیە، چونکە پێشتر خواستراوە و

گشتی کراوە، لە بابەت و جەوهەریدا، بەلاّم دەبیٚ چاوی پیٚدابخشیٚنریٚتەوە و گۆڕانی بەسەردابیٚت، جا ئەوەی لە چوارچیٚوەی ئەقلّ بیٚ یان ئەقلّ دەستی هەبیٚ لە نوسین و دانانی ئەوا بیٚشك ئەوانە قابیلی گۆڕانن، بەلاّم ئەو یاسایانەی دەکەونە دەرەوەی چوارچیٚوەی ئەقلّ ئەوا ئەوانە قابیلی گۆڕان نین و بە نەگۆڕی و پیرۆزی دەمیٚننەوە و گەلیٚ جاریش دەستکاری کردنیان بڤەو حەڕامە، لیٚرە خۆبەستنەوەی ئەقلّ بەم کردارە نەگۆڕە، ئەقلّ دووچاری چەق بەستن دەکات و هیچ گۆڕانیٚك بە گرنگ نازانیٚ و ئەلتەرناتیڤ و تەنانەت ریفۆرمیش وەلا دەنیٚ بۆیە ئەقلّ لەم دۆخەدا لە مرۆڤ تەرە دەبیٚ و بەرەو یاسا نهیٚنییەکانی پشتی سروشت هەلّدەکشیٚ، ئەوەی ریٚنویٚنیشی دەکات نائەقلانیە و بەشیٚوەیەکی ئیتیکالی خۆی دەخزیٚنیٚتە نیٚو باوەشی متەوەکیل، ئەمەش دواجار دابڕانیٚکی دوورو لیٚکترازانیٚکی دیار دروست دەبیٚ لە نیٚوان ئەم دوو دیدە و ئەم دوو ئەقلّە. بۆ پەنجە خستنەسەر ئەو گومانەش کە دەلّیٚ : ئەوەنیە ریفۆرم دەستی خۆی وەشاندووە لە یاساو ئەحکامەکانی ئیلاهی بە تایبەت لە ئاینی کاسۆلیکی و لەسەردەستی مارتن لۆسەر و کالّڤن کە تیایدا هەندیٚك نەریت زیندە بەچالّ کران کە بۆنی خوڕافە کاسی کردبوون و تەژیش بوون لە ناوەڕۆکیٚکی پڕ لە توندوتیژی ،بەلاّم بۆ رەواندنەوەی ئەم گومانەش دەبینین دواجار ئەوانیش خۆیان لە باوەشی ئاین خزاندووەو ئەو یاسایانەش بە پەسەند نازانن کە لە دەرەوەی ئەوانەبیٚ کە مەسیح نەخشی کیٚشاون و سەپاندوونی تا دواتر لە دەرەوەی ئەم چوارچیٚوەیە و لە چوارچیٚوەیەکی هزریدا یاسایەکی تازەتر جیٚی خۆی دەکاتەوەو بە کۆمەلّیٚك رەوشتی تازەوە دیٚتە ناو ژیان و کۆمەلّگا پیٚشکەوتن بە خۆیەوە دەبینیٚ لە تەواوی ئاستەکانیدا ، کە لە رۆژیٚکی وەك ئەمڕۆدا دەبینین زانست چ هەلّکشانیٚکی بە خۆوە بینیوە کە بیٚشك ئەمەش زادەی بیرو ئەندیٚشەی ئادەمیزادە کە ئەم زەمینە ئازادە بووە هەویٚنی دەرکەوتنی... بۆیە ئەمڕۆ بە ئاسانی هەست بە جیاوازییەکان دەکەین .. هەست بەو شەڕە قولاّنە دەکەین کەوا لە بەرەبەیانی دەرکەوتنی ئاین ئامادەییان هەیە ، ئامادەیی گفتوگۆو لیٚکدانەوەو لیٚکحالّی بوون ، هەرچەندە ئەمەش زۆر کاریٚکی ئاسان نەبووە بەردەوام لە هەلّبەزو دابەزین دابووە . کە تا بە ئەمڕۆ دەگات و خەسترین شەڕ لە ژیانی مرۆڤایەتی لە نیٚوان ئەم دووبەرەیە بە دیاردەکەویٚ کە بەرەیەکیان بەرەی ژیان دۆستانە و دەیەویٚ ژیان بەردەوامی هەبیٚ بە رەنگە جیاوازەکانی خۆی و بەرەکەی تریش لە قازانجی مەرگ پارسەنگ دەگریٚتەوە ، چونکە تەواوی خەونەکانی ئەوان لە دوای ئەم جۆرە مەرگە دەست پیٚدەکات و کەمیش نین ئەوانەی بە تامەزرۆییەوە لە دوا ساتەکانی ژیانیان بە خەندەیەکی تالّەوە پیٚشوازی لە مەرگی خۆیان و مەرگی هەزاران ئەکەن کە ئەبنە قوربانی دەستی ئەوان . بۆیە بەڕای من ئەگەر ژیان پیٚناسەیەکی جوانی هەبیٚ ئەوا ماناکانی خۆی لە دەستی ژیاندۆستان وەرەگریٚتەوە ، ئەوانەی ئەقلّ ئەکەنە پیٚشەنگ و دەقی زیندوو دیٚننە بەرهەم و مەرگیش ئەوانە پڕ مانای دەکەن‌و رۆژانە مکیاژیٚکی جوانی ئەکەن بۆ هەلّخەلّەتاندنی ئەوانەی بە ساکاری لە ژیان دەڕوانن و ژیانی دونیایی بە ویٚستگەیەکی کاتی و بیٚ بایەخ سەیر دەکەن‌و ئەو یۆتۆپیایە زەق دەکەنەوە کە هەندیٚك دەق مژدەی گەیینە ژیانیٚکی جاویدانی پیٚداون .

ئەوەی لە چوارچیٚوەی ئەقلّ بیٚ یان ئەقلّ دەستی هەبیٚ لە نوسین و دانانی ئەوا بیٚشك ئەوانە قابیلی گۆڕانن، بەلاّم ئەو یاسایانەی دەکەونە دەرەوەی چوارچیٚوەی ئەقلّ ئەوا ئەوانە قابیلی گۆڕان نین و بە نەگۆڕی و پیرۆزی دەمیٚننەوە و گەلیٚ جاریش دەستکاری کردنیان بڤەو حەڕامە